# بۆ بەرێز زانا روستایی و کۆمەلی ئیسلامی:ئایا راستە ئەمرۆ سەردەمی سەحوەی ئیسلامیە؟؟؟ ... بەشی پێنجەم شیروان مەلا ئەحمەد شاڵی

بسم الله الرحمن الرحیم

کاک زانا زۆر جار لە ئەدەبیاتی ئێوە بەرچاوم ئەکەوێ ولە هەنێ کەسی ئیسلامی گوێم لێ ئەبێ کە شانازی بەمەوە ئەکەن کە ئێستا سەردەمی سەحوەی ئیسلامیە!!! شانازی بەمەوە ئەکەن کەوا ئەم سەحوەیە لە سایەی ئەمانەوە بە جیهانا بلاو بۆتەوەو، بەر لەمان ئەم جیهانە تاریکستان بووەو خەڵقی لەناو بەحری جەهالەتا ژیاون
باوای دابنێین وایە باشە لێتان ئەپرسم لەوەتەی ئەم حەرەکاتە ئیسلامیانە لەکۆتایی هەشتاکانەوە پەیدا بووەو بە جیهانا بلاو بۆتەوە چی بۆ ئوممەتی ئیسلامی کردوە تاکو بە سەحوە ناوی بەرن؟؟؟
ئایا توانیویەتی باری ژیانی کۆمەلایەتی ئەم ئوممەتە لە هەژاری و نەخۆشی سوکتر بکات؟ توانیویەتی سومعەی ئەم ئاینە بەجۆرێ بەرز بکاتەوانێ کەوا خەلقی لە شەرق و غەربی عالەما (فەوج فەوج بێنە ناو دینی خوا) ؟؟؟ توانیویەتی ئاستی هوشیاری خەلقی موسڵمان بە چەشنێ بەرز کاتەوە کە سەدان زانکۆ و مەعاهید لە ولاتانی ئیسلاما دابمەزرێنێ کە خەلقی بێگانە لە ئەوروپاوە بێن دەرزی تیا بخوێنن عیلمی زەررەو کیمیاو توببی ئیسلامی ئێمە بۆ وڵاتەکانی خۆیان بەرنەوە؟؟؟؟ جگە لە زانکۆی ئەزهەر کە سەد ساڵە هەیەو کاری تەنها دەرکردنی فەتوایە بۆ دەم کوت کردنی نوسەرو بیرمەندان وکئانما لەزمانی (ئەمە حەرامەو ئەوە حەلاڵە) زیاتر هیچیتر نەزانێ، پێم مەڵێ تەها حوسێن و فلان و فلان لەم زانکۆیەوە دەرچوون، ئەمانە زیاتر بە زیرەکی خۆیان بونەتە عەبقەری و پاشان کە پیاوی وا گەورەیان لێ دەرچووە ئەزهەر خۆی دژایەتی کردوون چیان بە تەها حوسێن خۆی کرد لەسەر کیتابەکەی لەسەر شیعری جاهیلی؟؟؟؟ ئایا ئەگەر ئەم سەردەمە سەردەمی سەحوەی ئیسلامیە تاچەنێ ئەم حەرەکاتە ئیسلامیانە رۆڵیان هەبوە لە روخاندنی دیکتاتۆرەکان و داسەپاندنی حوکمی دیموکراتی؟؟؟؟ تا چەنێ ئازادی را دەربڕین و زمانی گفتو گۆو یەکتر قەبوڵ کردنیان لەووڵاتەکانی خۆیانا بڵاو کردۆتەوە؟؟؟؟ تا چەنێ خەلقیان فێری تەساموح و لێبوردەیی کردوە؟؟؟؟ تا چەنێ هەوڵیان داوەکە ئەخلاقی بەرز و ئینسانی و گیانی برایەتی و رێز گرتن لە مافی مرۆڤ وەک داب و نەریت لەناو ئەم وڵاتانەیا بچەسپێنن؟؟؟؟؟ تا بەشی شەشەم